حكوومەتی هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ژینگە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن

/ 5 / 200 7

مێژوو :
ژمارە : تایبەت

www.zhenga.net

**بەڕێز: تەلەفزیۆنی**

**بابەت: واژۆ كردنی پرۆتۆكۆلی لەیەكگەیشتنی لە نێوان وەزارەتی ژینگە و وەزارەتی وەرزش ولاوان**

بەمەبەستی زیاتر خزمەتكردنی ژینگەی كوردستان و بەشداریكردنی وەزارەتەكانی دیكەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەم بوارەدا، وەزارەتی ژینگە پرۆتۆكۆلێكی لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوان ئیمزا كرد.

كاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 2007/5/15 بەڕێز مامۆستا دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگە بەیاوەری خاتوو شەرمین خۆشناو بەڕێوەبەری گشتی هۆشیاری و راگەیاندن سەردانی وەزارەتی وەرزش و لاوانی كرد و لەلایەن بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و چەند بەڕێوەبەرێكی وەزارەتەوە پێشوازیان لێكرا.

ئەم دیدارە كە دووهەمین دیدار بوو لە نێوان هەردوو وەزارەتدا پرۆتۆكۆلێكی لێك تێگەیشتن لە نێوان هەردوو وەزارەتدا ئیمزاكرا كە ئەمە دەقەكەیەتی:

**پرۆتۆكۆلی لێك تێگەیشتن**

**پێشنیاری هاوكاری و هەماهەنگی نێوان هەردوو وەزارەتی ژینگەو وەرزش و لاوان .**

پاراستنی ژینگەی كوردستان ئەركی لاوانەو ژینگەیەكی خاوێن و تەندروستی مافێكی بنەڕەتی لاوانە
.

لەم ڕوانگەیەوە دۆزی ژینگەی لاوان دەبێتە بوارێكی هاوبەش لە نێوان هەردوو وەزارەتی ژینگە و وەزارەتی وەرزش و لاوان . بۆ هاوكاری و هەماهەنگی كارەكانمان لەسەر ئەم خاڵانە ریك دەكەوین :

1– هەردوو وەزارەت هاوكار دەبن لە بلاّو كردنەوەی هۆشیاری ژینگەپارێزی لە نێو ڕێكخراوەكانی خوێندكاران و لاواندا . لە وەزارەتی ژینگەوە زانیاری و بەرهەمی پێویست , لە وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە ڕێكخستن و میكانیزمی بلاّوكردنەوە .

2– هەردوو وەزارەت كار بۆ ڕاهێنانی ڕكخراوی مەدەنیی ژینگەپارێزی هەمە جۆر دەكەن .

3- هەردوو وەزارەت کار بۆ پتەو کردنی پەیوەندی نێو نەتەوەیی بواری ژینگە دەکەن .

4- هەردوو وەزارەت هاوکارانە هەڵمەتی هەمەجۆری ژینگەپارێزی لە سەرانسەری کوردستاندا ساز دەکەن , بۆ نموونە :

- کۆ کردنەوە و بەکار هێنانی بابەتی زیانبەخشی وەك قوتو , پاتری , پلاستیك , وهتد .
- هەڵمەتی نەمام چاندن .
- هەڵمەتی خاوێن کردنەوەی سروشت .

**بەڕێوەبەری**

**راگەیاندن**